# تێگەیشتن و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان

## ڕاپرسی

ناوەندی توێژینەوەی سبەی

تەمموزی 2025

www.sbeyresearch.com


## پوختە

ئەم ڕاپۆرتە شیکردنەوەیەکی وردی دەرکەوتە سەرەکییەکانی ڕاپرسی (تێگەیشتن و بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان) دەخاتەڕوو، کە لەلایەن ناوەندی توێژینەوەی سبەی لە تەمووزی 2025 ئەنجامدراوە.

ڕاپرسییەکە ڕوونکردنەوەی گرنگ دەربارەی (ئاستی بەشداری سیاسی، کاریگەری دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان، سەرچاوەکانی زانیاری سیاسی، و نیگەرانییەکانی هاوڵاتیان) سەبارەت بە سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات.

بەپێی دەرکەوتەکان، لەگەڵ ئەوەی ئاستێکی بەرزی ئامادەیی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەبینرێت، بەڵام نیگەرانییەکی قووڵیش سەبارەت بە کارایی و شەفافیەتی سیستمی سیاسی لەنێو هاوڵاتیاندا بوونی هەیە. هەروەك كاریگەری بەهێزی دامەزراوە نافەرمییەکانی وەک (خێڵ و عەشیرەت) لەسەر بەشداری و بڕیاری سیاسی بە ڕوونی دەبینرێت.

# تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان





دابەشبوونی ڕەگەز:

ئەم دابەشکردنە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا هێشتا پیاوان زیاتر لە بواری سیاسیدا چالاکن و ئامادەن بۆ بەشداری لە ڕاپرسییە سیاسییەکاندا. ئەمەش دەتوانێت پەیوەندی بە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانەوە هەبێت، کە هێشتا ڕۆڵی ژنان لە بواری سیاسیدا سنووردار دەکات.

# شوێنی نیشتەجێبوون بەپێی شار و شارۆچکەکان







## دابەشبوونی تەمەن:

لە ڕووی تەمەنەوە، زۆرینەی بەشداربووان لە تەمەنی 36-45 ساڵیدان بەرێژەی (%31)، هەروەها ناوەندی تەمەنی 25-35 ساڵیدان بەرێژەی (%29).
ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە توێژی گەنجان و تەمەن مامناوەندەکان، زیاتر ئامادەن بۆ بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکاندا.

ئاستی خوێندەواری:

لە ڕووی خوێندەوارییەوە، زۆرترین بەشداربووان ئاستی سەرەتاییان هەیە بەڕێژەی (21%)، دواتر ناوەندی (18%) و پاشان ئامادەیی (10%). ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە ڕاپرسییەکە نموونەیەکی هەرەمەکی هەمەڕەنگی وەرگرتووە، بەجۆرێك هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی یەکسانی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا هەبووە. هەروەك دەرکەوتووە ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان بەرزترە، زیاتر ئامادەییان بۆ بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکاندا دەربڕیوە.




# دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی

دۆخی کارکردنی بەشداربووان وێنەیەکی ڕوونمان لە دۆخی ئابووری کۆمەڵگا پیشان دەدات. لەکاتێکدا 37% کاری ئازاد و 6% لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، لەبەرانبەردا ڕێژەیەکی بەرز 29% فەرمانبەری حکومین.

ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە، سەرباری ئەوەی زیاتر لە 10 ساڵە دامەزراندنی فەرمانبەران ڕاگیراوە، بەڵام هێشتا زۆرێك لە هاوڵاتیان پشت بە کاری فەرمی لە کەرتی حکومیدا دەبەستن، کە سیما و تایبەتمەندییەکی گرنگی ئابووری هەرێمی کوردستانە.

لەلایەکی ترەوە ڕێژەی بێکاری لەنێو بەشداربوواندا 21%، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کێشەی بێکارییە لە هەرێمدا. ئەم ڕێژەیە بەرزە دەتوانێت کاریگەری لەسەر نیگەرانییەکانی هاوڵاتیان سەبارەت بە سیاسەتە ئابوورییەکان و ناکارایی حکومەت لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاودا هەبێت .






# بەشداری سیاسی و هەڵبژاردنەکان

- یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی ئەم ڕاپرسییە پەیوەندی بە ئاستی بەشداری سیاسی هاوڵاتیانەوە هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا.

- دەرکەوتەکان ڕەنگدانەوەی دۆخێکی ئاڵۆزن، کە تێیدا ئاستێکی بەرز لە بەشداری ڕووکەشی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانییەکی قووڵ سەبارەت بە خراپی دۆخی سیاسی و ناکارایی سیستمە سیاسییەکە بوونی هەیە.


# بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی هەرێم




بەپێی داتا بەدەستهاتووەکان 88% بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ڕایانگەیاندووە؛ کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کردووە.
ئەم ڕێژە بەرزە نیشاندەری ئەوەیە، کە هاوڵاتیان لەگەڵ بوونی هیوایەك بەگۆڕانکاری لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، باوەڕیشیان بە گرنگیی بەشداریکردن لە پرۆسە دیموکراسییەکاندا هەیە، کە وەك ئەرکێک دەیبینن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێژە بەرزەی لێرەدا دەرکەوتووە، ناتوانێت وێنەیەکی تەواوی دۆخی بەشداری سیاسی بخاتە ڕوو؛ چونکە پێویستە سەیری کوالێتی و جۆری ئەم بەشدارییە و ئەو هۆکارانەش بکەین، کە هاوڵاتیان بۆ بەشداری، یان بەشداری نەکردن هاندەدەن.

## بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق





ڕێژەی 66% نموونەی ڕاپرسییەکە، دەڵێن؛ بەدڵنیاییەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکەن.

ئەم ڕێژەیەش کەمترە لە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی هەرێم، کە ئەمەش جۆرێك لە تێگەیشتنمان بۆ دروست دەکات، کە هاوڵاتیان زیاتر گرنگی بە هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەدەن بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق.

هەروەك ئەم جیاوازییە دەتوانێت هۆکاری جۆراوجۆری هەبێت لەوانەش؛ هەستکردن بە نزیکی زیاتر لە دامەزراوەکانی هەرێم، یاخود ئەو تێگەیشتنەی، کە هەڵبژاردنەکانی هەرێم کاریگەری ڕاستەوخۆ و زیاتریان لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان هەیە.

# هۆکاری بەشدارینەکردن، یان دڵنیانەبوون لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان




سەبارەت بە بابەتی بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا داتایەکی سەرنجڕاکێش دەبینین، کە ڕێژەی 64% زۆرینەی بەشداربووان، بەهۆکاری (نەبوونی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن) بەشداری لە پرۆسەکەدا ناکەن یان دڵنیانین لە بەشداریکردن. ئەم دەرکەوتەیەش پێویستی بە لەسەر وەستان و تێڕامان هەیە، چونکە ڕەنگدانەوەی کێشەیەکی قووڵی متمانەیە لەنێوان هاوڵاتی و دەسەڵات لەلایەك و لەنێو سیستمی سیاسی لەلایەکی تر.

لە گرنگترین هۆکارەکانی تری بەشدارینەکردن لە پرۆسەی دەنگدان، بریتین لە:

- 14% پێیان وایە، کە دەنگەکانیان هیچ کاریگەری نییە.
- 8% هیچ کاندیدێك لەو ئاستەدا نابینن، کە بتوانێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەیان بکات.

ئەم هۆکارانە ئاماژەیەکی ڕوونن، کە هاوڵاتیان هەست بە بێدەسەڵاتی و دووربوون لە پرۆسە سیاسییەکان دەکەن، کە ئەمەش کێشەیەکی ڕاستەقینەی پرۆسەی دیموکراسییە و پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە.

# بەشداری لە خۆپیشاندان، یان چالاکی مەدەنی




نزمی ئاستی بەشداری هاوڵاتیان لە چالاکییە مەدەنییەکان یەکێکە لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی ڕاپرسییەکە.
94% بەشداربووان ڕایانگەیاندووە، کە لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوودا بەشدارییان لە هیچ خۆپیشاندانێک، یان چالاکییەکی مەدەنی نەکردووە، لەبەرانبەر 6% کە بەشدارییان لە چالاکییەکی مەدەنیدا کردووە.

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی هاوڵاتیان بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، بەڵام لە شێوازەکانی تری بەشداری سیاسی وەک (خۆپیشاندان و چالاکییە مەدەنییەکان) کەمتر بەشدار و چالاکن.

# بەشداری لە خۆپیشاندان، یان چالاکی مەدەنی

## هۆکارە ئەمنییەکان:

لە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستاندا، نیگەرانییە ئەمنی و ئاسایشییەکان و بەهانەی تێکدانی ئارامی و سەقامگیری، دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نائامادەیی هاوڵاتیان بۆ بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکاندا هەبێت.


## کەمی هۆشیاری مەدەنی:

ئەگەرچی ئاستێکی بەرزی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت، کە هۆشیارییەکی بەرز سەبارەت بە گرنگی شێوازەکانی تری بەشداری مەدەنی بوونی هەبێت.


## کەلێنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان:

ئاستی نزمی بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان، دەکرێت ڕەنگدانەوەی لاوازی و کەلێنی ڕێکخراوە مەدەنییە چالاک و کاریگەرەکان بێت.

# جۆرەکانی بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان



# ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان




شیکردنەوەی ئاستی ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا دەرکەوتەیەکی گرنگی تری ئەم ڕاپرسییەیە.

%51 بەشداربووان ڕایانگەیاندووە، ئەندام یان لایەنگری هیچ پارتێکی سیاسی، یان ڕێکخراوێکی سیاسی نین، لەکاتێکدا %34 بەشداربووان تەنها لایەنگرن و 14 % ڕایانگەیاندووە، کە ئەندامی یەکێك لە پارتە سیاسییەکانن.
ئەم دابەشکارییە نیشاندەری ئەوەیە، زیاتر لە نیوەی هاوڵاتیان هیچ پەیوەندییەکی فەرمییان لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا نییە، کە ئەمەش دەکرێت چەندین واتای هەبێت:

# ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان


**باوەڕنەبوون بە پارتە سیاسییەکان:**
ئەم ڕێژە بەرزە لە بێلایەنی، دەشێت ڕەنگدانەوەی بێمتمانەیی و بێباوەڕی هاوڵاتیان بێت بەرانبەر بە پارتە سیاسییەکان.

**خواستی سەربەخۆیی:**
هەندێک هاوڵاتی پێیان باشترە بە سەربەخۆیی بمێننەوە و هیچ پەیوەندییەکی فەرمییان لەگەڵ هیچ پارتێکدا نەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی خۆڕسك و سەربەخۆ بەشداری لە پرۆسە دیموکراسییەکاندا بکەن.

**کەمی هۆشیاری سیاسی:**
لە هەندێک حاڵەتدا، ئەم بێلایەنییە دەتوانێت ڕەنگدانەوەی کەمی زانیاری، یان هۆشیاری سەبارەت بە گرنگی بەشداری لە ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بێت.

**بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، 34%ی بەشداربووان خۆیان وەک لایەنگری پارتە سیاسییەکان دەبینن؛ کە ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی فەرمیان بە پارت و لایەنێکی سیاسییەوە نییە، بەڵام هێشتا هەستێکی سیاسیان هەیە و لایەنگری بیروباوەڕە سیاسییە دیاریکراوەکانن.**

# ئایا لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بابەتی سیاسی بڵاودەکەنەوە؟




ڕێژەی 76%ی بەشداربووان ڕایانگەیاندووە، هەرگیز بابەتی سیاسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوناکەنەوە، یان لێدوان نادەن.

ئەم ڕێژە بەرزە نیشاندەری ئەوەیە، کە زۆرینەی هاوڵاتیان مەیلی بەشداریکردنیان لە گفتوگۆی سیاسی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییە.

# هۆکارەکانی کەمی بەشداری گفتوگۆی سیاسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

## ترس لە دەرئەنجامی چالاکی:

لە ژینگەیەکی سیاسی هەستیاردا، دەشێت هاوڵاتیان بترسن لە دەرئەنجامی دەربڕینی بۆچوونە سیاسییەکانیان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:


زۆر جار مرۆڤەکان لەپێناو پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستنەبوونی گرژی و دڵگران بوون لەگەڵ خزم و هاوڕێکانیان خۆیان لە دەربڕینی بۆچوونە سیاسییەکانیان بەدوور دەگرن.

## باوەڕبوون بە کەمی کاریگەری:

هەندێک لە هاوڵاتیان لەو باوەڕەدان، کە گفتوگۆی سیاسی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی نابێت.

# کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بیروباوەڕە سیاسییەکان

لەم بارەیەوە 38% بەشداربووان ڕایانگەیاندووە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیچ کاریگەریان لەسەر بیروباوەڕە سیاسییەکان نییە، لەکاتێکدا 30% ڕایانگەیاندووە، کە تاڕادەیەک کاریگەریان هەیە. ئەمەش ئاماژەیەکە، لەگەڵ ئەوەی زۆرینە بەشداری چالاکانەیان لە گفتوگۆی سیاسیدا نییە، بەڵام هێشتا کاریگەری ئەم تۆڕانە لەسەر بیروباوەڕەکانیان هەیە.




ئەم دەرکەوتەیە گرنگە چونکە نیشاندەری ئەوەیە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و کاریگەر لەسەر ڕای گشتی کار دەکەن، تەنانەت ئەگەر هاوڵاتیان بەشداری چالاکانەشیان تێیدا نەبێت.

# گفتوگۆی سیاسی نێوان خێزانەکان


نزیکەی نیوەی خێزانەکان خۆیان لە گفتوگۆی سیاسی بە دوور دەگرن؛ ئەمەش دەکرێت چەندین هۆکاری هەبێت.

**جیاوازی لە بیروباوەڕ:** لە خێزانە فرەنەوەییەکاندا، جیاوازی لە بیروباوەڕە سیاسییەکاندا دەتوانێت ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە گفتوگۆی سیاسی.


**پاراستنی یەکڕیزی خێزان:** زۆرێك لە خێزانەکان لەپێناو پاراستن و ڕاگرتنی ئاشتی و یەکڕیزی نێوخۆیاندا، دەیانەوێت لە باسکردنی بابەتە هەستیارەکان دووربکەونەوە.

**کەمی هۆشیاری سیاسی:** لە هەندێک حاڵەتدا، کەمی زانیاری، یان هۆشیاری سەبارەت بە بابەتە سیاسییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی کەمی گفتوگۆی سیاسی.

بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە 54% ی خێزانەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان گفتوگۆی سیاسی دەکەن. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، کە خێزان هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردەی سیاسی و شێوەپێدانی بیروباوەڕەکاندا دەبینێت.



# کاریگەری دامەزراوە نافەرمییەکان (هۆز و عەشیرەت) لەسەر بڕیاری سیاسی




یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی ئەم ڕاپرسییە کاریگەری دامەزراوە نافەرمییەکانی وەک خێڵ، عەشیرەت، و دامەزراوە ئاینییەکانە لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لای هاوڵاتیان. ئەم دەرکەوتانە ڕوونکردنەوەی گرنگی دەربارەی ئەم بابەتە پێشکەش دەکەن، کە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە زۆر جێگادا تێکەڵ دەبن.

ئەم دابەشکردنە نیشاندەری ئەوەیە؛ لەگەڵ ئەوەی ڕێژەیەکی بەرز دەڵێن کاریگەری نییە، بەڵام هێشتا زیاتر لە (51%) لەو بڕوایەدان ئەم دامەزراوە نافەرمییانە کاریگەریان لەسەر بڕیارە سیاسییەکانیان هەیە. ئەمەش نیشاندەری بەردەوامبوونی کاریگەری بونیادە کۆنەکانی کۆمەڵگای کوردییە لەسەر سیاسەت لە سەردەمی نوێدا.

# کاریگەری سیستەمی خێڵ و عەشیرەتگەری لەسەر دەنگدان

دەرکەوتەکان ئاشکرای دەکەن 34%ی بەشداربووان پێیانوایە سیستەمی خێڵ و عەشیرەتگەری کاریگەری زۆری لەسەر دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە. لەکاتێکدا 29% وای دەبینن تارادەیەک کاریگەری هەیە. ئەمەش واتای ئەوەیە 63%ی بەشداربووان باوەڕیان وایە ئەم سیستەمە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران هەیە.


ئەم دەرکەوتەیە زۆر گرنگە چونکە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە چۆن دامەزراوە نافەرمییەکان هێشتا ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێدانی فۆرمێکی تایبەتی ڕەفتاری سیاسی هەیە. ئەمەش دەکرێت کاریگەری هەبێت لەسەر:

**شەفافیەتی هەڵبژاردنەکان:** کاتێک دەنگدەران لەژێر کاریگەری پەیوەندییەکانی خێڵ و عەشیرەتەکانیان دەنگ دەدەن، دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر شەفافیەت و دادپەروەری هەڵبژاردنەکان هەبێت.


**نوێنەرایەتی ڕاستەقینە:** ئەگەر کاندیدەکان لەسەر بنەمای پەیوەندییە خێڵی و عەشیرەتییەکان هەڵبژێردرێن (کە زۆرجار بەمشێوەیە)، ئەوا ئەگەری نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی بەرژەوەندی گشتی زۆر کەم دەبێتەوە.

**پێشکەوتنی دیموکراسی:** بەردەوامبوون و کاریگەری ئەم سیستەمانە دەتوانێت ڕێگر بێت لە پێشکەوتنی دیموکراسی و دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن.


# ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکانی
# (سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری)



# ئاستی کاریگەری سیستمی پەروەردە (قوتابخانە، زانکۆ) لەسەر تێگەیشتنی سیاسی هاوڵاتیان




# کاریگەری بانگخوازانی ئاینی لەسەر بڕیاری سیاسی




سەبارەت بە کاریگەری بانگخوازانی ئاینی لەسەر بڕیارە سیاسییەکان، 44% ی بەشداربووان ڕایانگەیاندووە، کاریگەرییان نییە، لەکاتێکدا 35% ڕایانگەیاندووە تاڕادەیەک کاریگەرییان هەیە، و ڕێژەی 20% لەو بڕوایەدان، تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان هەیە.

ئەمەش بەو مانایەی 55% ی بەشداربووان پێیانوایە، بانگخوازانی ئایینی کاریگەرییان لەسەر بڕیارە سیاسییەکانیان هەیە. ئەم دەرکەوتەیەش نیشاندەری ئەوەیە، ئایین هێشتا ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگای کوردیدا دەبینێت.

# سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری سیاسی لای هاوڵاتیان



# سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری سیاسی

تێگەیشتن لە سەرچاوەکانی وەرگرتنی زانیاری سیاسی، کە هاوڵاتیان پشتی پێ دەبەستن زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی شێوەپێدانی ڕای گشتی. دەرکەوتەکانی ئەم ڕاپرسییە ڕوونکردنەوەی گرنگ دەربارەی ئەم بابەتە پێشکەش دەکەن.

## کەناڵە تەلەڤزیۆنییە کوردییەکان:

ڕێژەی 34% بۆ وەرگرتنی زانیاری سیاسی، نیشاندەری ئەوەیە، کە میدیای کوردی هێشتا سەرچاوەی سەرەکی زانیاری سیاسییە بۆ زۆرینەی هاوڵاتیان. ئەمەش دەکرێت بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی بە متمانەی زیاتر بە میدیای ناوخۆیی و زمانی دایکەوە هەبێت.

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان :

ڕێژەی نزیکەی 33% بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەك سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری دەستنیشان دەکەن، کە نیشاندەری گۆڕانکاری لە شێوازەکانی وەرگرتنی زانیارییە. ئەمەش تایبەتمەندییەکی نەوەی نوێیە، کە زیاتر پشت بە تەکنەلۆژیای نوێ دەبەستێت.

## ماڵپەڕە هەواڵییەکان:

لەگەڵ ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ماڵپەڕە هەواڵییە تایبەتەکان هێشتا ڕۆڵێکی سنووردار یان هەیە، کە بەڕێژەی 10% ماڵپەڕە هەواڵییەکان وەك سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان بەکاردەهێنن.

# شیکردنەوەی کاریگەری سەرچاوەکان

## پشتبەستن بە میدیای ناوخۆیی:

زۆرینەی هاوڵاتیان پشت بە سەرچاوە کوردییەکان دەبەستن، کە ئەمەش دەتوانێت هەم ئەرێنی و هەم نەرێنی بێت. لەلایەك دەشێت نیشاندەری بەهێزبوونی میدیای کوردی و متمانەی هاوڵاتیان بێت بەم میدیایە. لەلایەکی ترەوە، ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی سنووردارکردنی دیدگا و کەمکردنەوەی ئاگاداربوونی وەرگر، لە ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان.

## گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

ڕێژەی بەرزی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی زانیاری، نیشاندەری گۆڕانکارییەکی گرنگە لە شێوازەکانی پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری. بێگومان ئەمەش هەم دەرفەت و هەم مەترسی لەگەڵدایە:


- دەرفەتەکان:

دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە زانیاری، بەشداری لە گفتوگۆکاندا، دەرفەتی دەربڕینی بۆچوون.

- مەترسییەکان:

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست، چەواشەکردنی ڕای گشتی، کاریگەری نەرێنی لەسەر متمانەی بەکارهێنەران.

# کاریگەری گەنجان لەسەر سیستمی سیاسی




یەکێک لە پرسیارە گرنگەکانی بۆچوونی هاوڵاتیانە سەبارەت بە توانای گەنجان لە دانانی کاریگەری لەسەر سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان. دەرکەوتەکان نیشاندەری ئەوەن، کە 34% ی بەشداربووان پێیانوایە گەنجان بە ڕادەیەکی زۆر دەتوانن کاریگەرییان هەبێت. هەروەك 29% دەڵێن تاڕادەیەک دەتوانن کاریگەرییان هەبێت، بەرێژەی 25% وای دەبینن ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان هەبێت، و 13% پێیانوایە دەتوانن کاریگەرییەکی کەمیان هەبێت.

ئەمەش واتای ئەوەیە کە 63% ی بەشداربووان باوەڕیان وایە، گەنجان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر سیستمی سیاسی هەبێت، کە ئەمەش نیشانەیەکی ئومێدبەخشە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێژەی 25% پێیان وایە، گەنجان ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان هەبێت، کە ئەمەش جێگای نیگەرانییەکی جددییە.

# ڕێگاکانی کاریگەری گەنجان لەسەر سیستەمی سیاسی

- **بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان:**

ئەمەش وەک گرنگترین ڕێگا دەبینرێت.

- **ڕێکخستنی خۆپیشاندان و چالاکییە مەدەنییەکان:**


وەک ڕێگایەکی کاریگەر بۆ گوزارشتکردن لە نیگەرانییەکان.

- **ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکاندا:**

وەک ڕێگایەک بۆ کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر وەرگرتنی بڕیار


- **بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

وەک ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستن




ئەم دەرکەوتانە نیشاندەری ئەوەن، کە هاوڵاتیان باوەڕیان بە جۆراوجۆری ڕێگاکانی بەشداری سیاسی هەیە و پێیان وایە گەنجان دەتوانن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کاریگەریان لەسەر سیستەمی سیاسی هەبێت.


# پێویستی و خواستی گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسی




لە کۆنتێکستی دەرکەوتەکانی ڕاپرسییەکەوە دەتوانین لەو ڕاستییە تێبگەین، کە نیگەرانییەکی قووڵ سەبارەت بە کارایی سیستمی سیاسی ئێستا هەیە. ئەمەش لە چەند لایەنێکەوە دەردەکەوێت:

- کەمی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن: ڕێژەی 64% ئەوانەی بەشداری هەڵبژاردن ناکەن، متمانەیان بە پرۆسەکە نییە.
- ئاستی نزمی بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان – ڕێژەی 94% بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان ناکەن.
- نیوەی زیاتری هاوڵاتیان ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نین، بەڕێژەی 51% کۆی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە.

# بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، ئاماژە بە گرنگی گۆڕانکاری دەکەن لە چەند بوارێکدا



به سەرنجدان لەم داتایانە و گەڕانەوەی بۆ داتاکانی پێشوو سەبارەت بە پێویستی و خواستی گۆڕانکاری، دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنی ئەو بوارانە بکەین، کە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە:

### شەفافیەت و لێپرسینەوە:

کەمی متمانە بە پرۆسەی هەڵبژاردن نیشاندەری پێویستی بە زیادکردنی شەفافیەت و دۆزینەوەی میکانیزمە کاریگەرەکانی لێپرسینەوەیە.

### کەمکردنەوەی کاریگەری دامەزراوە نافەرمییەکان:

کاریگەری بەهێزی خێڵ و عەشیرەت لەسەر دەنگدان ئاماژەیە بۆ پێویستی بەهێزکردنی دامەزراوە فەرمییەکان و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە پەیوەندییە نافەرمییەکان.


### بەهێزکردنی بەشداری مەدەنی:

ئاستی نزمی بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان نیشاندەری پێویستییە بۆ بەردەستبوونی بژاردەی زیاتر و هاندانی هاوڵاتیان بۆ بەشداری لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەشداری سیاسی.

### نوێکردنەوەی سیستمی پارتە سیاسییەکان:

ڕێژەی بەرزی بێلایەنی کە لە ڕاپۆسییەکەدا دەرکەوتووە، نیشاندەری پێویستییە بە نوێکردنەوەی پارتە سیاسییەکان و نزیکبوونەوەیان لە هاوڵاتیان.


# کاریگەری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان




پرسیاری (تا چەند هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟) یەکێکە لە پرسیارە گرنگەکانی ڕاپرسییەکە، چونکە گوزارشت و هاوکات ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنی هاوڵاتیانە لە پەیوەندییە سیاسییە پڕ گرژی و ئاڵۆزییەکەی نێوان هەرێم و ناوەند.

لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی وردی ئەم پرسیارە لە داتاکاندا بەردەست نییە، بەڵام خودی پرسیارەکە نیشاندەری ئەوەیە، کە هاوڵاتیان هۆشیارییان هەیە لەسەر گرنگیی پەیوەندی نێوان سیاسەتی هەرێم و ناوەند.

# گرنگترین بابەتەکان بۆ نوێنەرانی کورد




ڕاپرسییەکە پرسیاری لە بەشداربووان کردووە سەبارەت بە گرنگترین بابەت، کە پێویستە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق کاری لەسەر بکەن. گرنگی ئەم پرسیارە لەوەدایە، کە خەمی لە پێشینەی هاوڵاتیان سەبارەت بەم بابەتە دەخاتە ڕوو، کە بریتین لە:

- پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان
- دابینکردنی بودجەی هەرێم
- چارەسەری کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان
- پاراستنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد
- بەهێزکردنی فیدراڵیزم لە عێراق

# دەرەنجامە سەرەکییەکان

1. دووفاقی لە بەشداری سیاسیدا:
لەلایەکەوە ڕێژەیەکی بەرز لە هاوڵاتیان (88%) ئامادەی بەشداری کردنن لە هەڵبژاردنەکاندا، کە ئەمەش لەخۆیدا ئاماژەیەکی ئەرێنییە. بەڵام لەلایەکی ترەوە، ڕێژەیەکی زۆر نزم، کە تەنها (6%) بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکاندا دەکەن، کە ئەمەش نیشاندەری سنووردارکردنی بەشداری سیاسییە لە هەڵبژاردندا. لەکاتێکدا کەناڵەکانی بەشداری سیاسی، فرە جۆرن و هاوڵاتی دەتوانێت بە زیاد لە ڕێگا و شێوازێك تێیدا چالاك بێت.

2. کێشەی متمانە:
64% ئەوانەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەن، متمانەیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە. ئەمەش کێشەیەکی قووڵی متمانەیە کە پێویستی بە وردکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتر هەیە.

3. کاریگەری بەردەوامی دامەزراوە نافەرمییەکان:
63% بەشداربووان دەڵێن سیستەمی خێڵ و عەشیرەتگەری کاریگەری گەورەی لەسەر دەنگدان هەیە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامی کاریگەری بونیادە کۆنەکانی کۆمەڵگا لەسەر بیروباوەڕ و تێگەیشتنەکانی خەڵك.

4. گۆڕانکاری لە سەرچاوەکانی زانیاری:
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەی (33%) وەک دووەم گرنگترین سەرچاوەی زانیاری سیاسی لای وەرگر دەردەکەون، کە ئەمەش نیشاندەری گۆڕانکارییەکی گرنگە لە شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاری لای هاوڵاتیان.

5. ئومێد بە گەنجان:
ڕێژەیەکی بەرز 63%ی بەشداربووان لەو بڕوایەدان، گەنجان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر سیستمی سیاسی هەبێت، کە ئەمەش نیشانەیەکی ئومێدبەخشە بۆ داهاتوو.

## بەهێزکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە:

- دامەزراندنی میکانیزمەکانی کاریگەری چاودێری لەسەر هەڵبژاردنەکان
- زیادکردنی شەفافیەت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لای بەرپرسانی حکومەت
- بەهێزکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی لێپرسینەوە و چاودێریکردن

## هاندانی بەشداری مەدەنی:

- پشتگیری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- ڕەخساندنی دەرفەت و بەردەستبوونی بژاردەی زیاتر بۆ بەشداری هاوڵاتیان
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاگایی هاوڵاتیان سەبارەت بە گرنگی بەشداری سیاسی و مەدەنی

## کەمکردنەوەی کاریگەری دامەزراوە نافەرمییەکان:

- بەهێزکردنی دامەزراوە فەرمییەکان
- پەروەردەی هۆشیاری سیاسی هاوڵاتیان
- هاندان بۆ بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان بەپێی بەرنامە و شایستەیی بۆ هەڵبژاردن

# ڕاسپاردەکان

## نوێکردنەوەی پارتە سیاسییەکان:

- نزیکبوونەوە لە هاوڵاتیان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر
- شەفافکردنی پێکهاتە و ڕێکخستن و چالاکییەکان
- گرنگیدان بە بەرژەوەندی گشتی

## بەکارهێنانی باشتری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

- هۆشیاری و پەروەردەی میدیایی بۆ هاوڵاتیان
- بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی ناڕاست و هەڵبەستراو
- هاندانی گفتوگۆی بونیادنەرانە

## گرنگیدان بە گەنجان:

- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداری زیاتری گەنجان لە سیاسەتدا
- پشتگیری و دەستگیرۆیی چالاکییەکانی گەنجان
- گوێگرتن لە دەنگی گەنجان لەکاتی بڕیاردان لەسەر پرسە جیاوازەکان

# کۆتایی

ئەم ڕاپرسییە هەوڵ دەدات وێنەیەکی ورد و تەواوی دۆخی بەشداری سیاسی و تێگەیشتنی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان پێشکەش بکات. دەرکەوتەکان ئاشکرای دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ئاستێکی بەرز لە بەشداری ڕووکەش لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، بەڵام کێشەکانی (نەبوونی متمانە، کاریگەری دامەزراوە نافەرمییەکان، و سنووردارکردنی بەشداری مەدەنی) بوونیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە ئەم دەرکەوتانە پێویستیی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان دەخەنەڕوو. هەروەك گۆڕانکارییەکان "ئاراستەی بەهێزکردنی شەفافیەت، هاندانی بەشداری مەدەنی، کەمکردنەوەی کاریگەری دامەزراوە نافەرمییەکان، و نزیکبوونەوەی دامەزراوە سیاسییەکان" لای هاوڵاتیان دەخوازێت.


لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە، کە ئەم راسپاردانە بە شێوەیەکی هاوبەش لەلایەن هەموو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە جێبەجێ بکرێن. بەوپێیەی تەنها بەم ڕێگایە دەتوانرێت سیستەمێکی سیاسی دروست بکرێت، کە بەڕاستی خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بکات و متمانەی هاوڵاتیان بەدەستبهێنێت.

ئەم ڕاپرسییە هەنگاوێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە نیگەرانی و خواستەکانی هاوڵاتیان، هەربۆیە گرنگە ئەم دەرکەوتانە وەک بنەمایەک بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی بەکاربهێنرێن. چونکە داهاتووی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەندە بەوەی، چەندە ئامادەین لەم ڕاستیانەوە فێرببین و تا چ ئاستێکیش دەتوانین گۆڕانکارییە پێویستەکان جێبەجێ بکەین.


# پەیوەستی داتاکان بەپێی تەمەن و پارێزگاکان

# بەدڵنیاییەوە بەشداری دەکەم لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا

## پارێزگا





## تەمەن




# ئایە ئەندام یان لایەنگری هیچ پارتێکی سیاسی، یان ڕێکخراوێکی سیاسین؟

## پارێزگا





## تەمەن




# کاریگەری هۆز و عەشیرەتەکەتان لەسەر بڕیاری سیاسی

## پارێزگا





## تەمەن




# کاریگەری بانگخوازانی ئاینی لەسەر بڕیاردانی سیاسی

## پارێزگا





## تەمەن




# کاریگەری سیستەمی ( خێڵ و عەشیرەتگەری) لەسەر دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا

## پارێزگا





## تەمەن




# کاریگەری هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان

## پارێزگا





## تەمەن



# کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر بیروباوەڕی سیاسی

## پارێزگا




## تەمەن

